## بۆ ئاگاداریی هاونیشتمانانی کورد لە هەر کوێیەکی هەن

**گەنجێکی کورد لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا گیانی لە مەترسی دایە.**

**ڕۆژی نۆی پووشپەڕی ٨٤ی کۆچی هەتاوی، ڕێکەوتی ٣٠ی تەمووزی ٢٠٠٥، لە نزیک گوندی کۆسەکەرێزی سەر بە مەهاباد، ئوتومبیلێکی پاترۆڵ ـ بە بێ هیچ هۆیەک ـ دەکەوێتە بەر دەسڕێژی چەکدارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامدا ماشێنەکە کە پتر لە بیست فیشەکی وێدەکەوێ دەکەوێتە ناو قاناوێک و شۆفیرە ٢٤ ساڵەکەی کە کوڕێکی مەهابادییە بە ناوی (چ.ن)، چوار فیشەکی وێدەکەوێ و ئەنگوستی دەستە ڕاستی دەپەڕێ و خوێناوی و بریندار، لەوێ دەکەوێ. چەکدارانی ڕژیم پاش ئەم تەقەیە بێ ئەوەی چاوەڕێ بن بزانن چ بەسەر ماشێنەکە هاتووە و شۆفیرەکەی زیندووە یا مردوو، شوێنی ڕووداوەکە جێ دێڵن و گەنجە بریندارەکە بە بێ هیچ پەنا و یارمەتییەک لە قەراخ قاناوی باخی کۆسە کەرێز، لە حاڵێك کە بە توندی خوێنی لەبەر دەڕوا لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ.**

**بەر لە بێهۆش بوونی، تەلەفۆن بۆ مۆبایلەکەی دەکرێ و ئەو کات خزمەکانی بۆیان دەردەکەوێ چی بە سەر هاتووە و خۆیانی دەگەیێننێ  و دەیبەنە نەخۆشخانەی مەهاباد و پاش برینپێچییەکی سادە، لە حاڵێکدا کە هەروا خوێنی لە بەر دەڕوا دەینێرنە نەخۆشخانەی ورمێ.**

**شۆرای پزیشکیی نەخۆشخانەی ورمێ پاش کۆبوونەوە، دەگەنە ئەو ئەنجامە کە ئەم گەنجە وێڕای ئەوەی قامکی پەڕیوە، ڕەگی دەستی ڕاستیشی پساوە. پاش شەش سەعات نەشتەرگەری و دەرێنانی ڕەگی ڕانی و پەیوەندانی لە باسکی، هەر لەم نەخۆشخانەیە دەکەوێتە ژێر چاوەدێرییەوە.**

**پاش شەش ڕۆژ، چەند مەئموورێکی ئینتیزامیی شاری نەغەدە و قازییەکی شوعبەی شەشی دادسەرای ورمێ، دێنە ژوور سەری نەخۆشی بریندار و بێهۆش و، بە تاوانی ئەوەی کە بوتڵە ڤۆدکایەکی بەتاڵی لە ماشێنەکەدا دۆزراوەتەوە دەیبەنە زیندانی نەغەدە و لەوێ لەو ڕۆژەوە تا ئێستا (چاردەی تەمووز) لە جیاتی پەرستاری و موداوای پزیشکی، بە توندی داویانەتە بەر ئازار و شکەنجە و دەیانەوێ ئیعترافی پێبکەن کە قاچاقچییە.**

**با بۆ ئاگاداری بزانین کە لە حکوومەتی جەمهووریی ئیسلامیدا و بەتایبەت لە ناوچەی کوردستاندا، بەشێکی زۆر لە گەنجانی بێکار و بێدەرەتان، خەریکی کڕین و فرۆشتنی شتومەک و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکن بۆ وێنە مۆز و کریستاڵ و تایەری ماشێن و ... ئەم جۆرە کڕین و فرۆشتنە لە ڕوانگەی حکوومەتەوە بە قاچاغ دادەنرێ.**